# سەدەمین ساڵوەگەڕی ژینۆسایدی گەلی ئەرمەنی

# بە دەست دەوڵەتی عوسمانی

٢٠١٥/٤/٢٤ - ئەمڕۆ سەدەمین ساڵوەگەڕی ڕۆژی ڕەشەکوژی گەلی ئەرمەنی بە دەست تورکانی عوسمانییە لە ساڵی ١٩١٥ ی زایینیدا. لە ساڵانی ڕەشی ١٩١٥ و ١٩١٦ و لە درێژەی سیاسەتی بەتورک کردنی وڵاتی عوسمانیدا، گەلی ئەرمەنی لە سەر خاکی باووباپیری خۆیان بە دەست تورکی موسوڵمان تووشی ژینۆساید هاتن، بە سەدان هەزاریان ئاوارە و شاربەدەر کران و بەشێکی بەرچاویان لە ڕێگای ئەو سەفەرە نەخوازراوەدا کووژران و لەناوچوون.

گەرچی لەماوەی ئەو ڕەشە کوژییەدا بەشی بەرچاوی کورد بوون بە پەنا و داڵدەی ئەرمەنییانی ڕاکردوو و لە دەست قەتڵی عامی بێ بەزەییانەی تورکان ڕزگاریان کردن، بەڵام  بە داخەوە لە ڕەوتی کوشتارەکەدا هەندێک سەرەک عەشیرەت و خاوەن مڵکی کورد فریوی تورکانیان خوارد و یارمەتی بەرێوەچوونی بەشێک لەو کارە نامرۆڤانەیان دا. گەلی ئەرمەنی دەزانێت کە ئەو جینایەتە خواست و ئیرادەی کۆمەڵگای کورد نەبوو و لە لایەن تورکانەوە بەسەربەشێکی کەمی کۆمەڵگاکەدا سەپا.

زۆری پێ نەچوو کوردیش بووە قوربانیی سیاسەتی ڕەگەزپەرستانەی دەوڵەتی تورک و بە هەمان شێوە لە خاکی باووباپیرانی دەرکرا و بە دەست دەوڵەتی عوسمانی و جێگرەکەی، واتە حکوومەتی کۆماری تورکیاوە، تووشی شەڕو کووژران و ئاوارەیی و وێرانی ئابووری وڵاتەکەی هات.

وا ئێستا، چەند ڕۆژ پێش ئەوەی پەرلەمانی ئەورۆپا بڕیارنامەی خۆی لەمەڕ بە فەرمی ناسینی کۆمەڵکوژیی ئەرمەنییان لە لایەن دەوڵەتی تورکەوە دەربکات، ڕەجەب تەیب ئەردۆغان سەرەک کۆماری تورکیا، نەک هەر بڕیارەکەی داوەتە دواوە، بەڵکوو پاشماوەی ئەرمەنییانی ناو تورکیای ئەمڕۆی بە "میوان" ناوبردوە* و گوتوویەتی "دەتوانین دەریان بکەین بەڵام وا ناکەین"! وەک ئەوەی گوایە بەهۆی 'میهرەبانی و دڵنەرمیی' ئەوانەوە بووە کە لەو ملیۆنان ئەرمەنییەی ناو تورکیا، تەنیا ١٠٠ هەزارکەسیان لێ ماوەتەوە و ئەوانیش بوونەتە میوانی خانەخوێیەکی دڵئاوای خاوەن بەزەیی کە دەتوانێت دەریان بکات بەڵام وا ناکات! ئەوەش سەرەڕای ئەو ڕاستەقینە مێژووییەی کە گەلی ئەرمەنی لە ڕابردووی پێش ئەو کۆمەڵکوژییەدا خاوەنی بەشێکی بەرچاوی ئەو خاکە بوون کە ئێستا پێی دەگوترێ تورکیا و تەنانەت سێ هەزار ساڵ پێش ئێستا حکوومەتی وەک 'ئورارتوو'یان لە ڕۆژهەڵاتی تورکیا و ڕۆژئاوای ئێران پێک هێناوە.**

سەرەڕای ئەو کارەساتەش کە بەسەر گەلی ئەرمەن هاتووە و سەرەڕای بەشداربوونی بەشێک لە کورد لەو جینایەتە مێژووییەدا، تاقە وڵاتێکی ناوچە کە لە ماوەی ٨٠ ساڵی ڕابردوودا ، فەرهەنگ و زمانی کوردیی بە شێوەی فەرمی پاراستبێت، قوتابییانی کورد لە چوارچێوەی سنوورەکانیدا بە زمانی کوردی وانەیان خوێندبێت و وەک کورد پەروەردە کرابێتن، ئەرمەنستان بووە. لە نەورۆزی ئەمساڵیشدا تاقە سەرەک کۆماری وڵاتێک کە ڕاستەوخۆ جەژنە پیرۆزەی لە گەلی کورد کرد، سرێژ سەرکیسیان سەرەک کۆماری ئەرمەنستان بوو.

من ، وەک تاکێکی بێدەسەڵاتی کورد، بەو بۆنەیەوە خۆم بە هاودەردی گەلی ستەم لێکراوی ئەرمەنی دەزانم و بەش بە حاڵی خۆم بۆ ئەو دەورە نەرێنییەی وا بەشێک لە گەلەکەمان لە ڕووداوەکانی ساڵی ۱۹۱۵ دا بینییان، داوای لێبووردن لە گەلی ئەرمەنی دەکەم. بە هیوای ئەو ڕۆژەی کە حکوومەتی تورکیاش- وەک ماکی سەرەکی ئەو کارەساتە دڵتەزێنە و فەرماندەری ئەو کۆمەڵکوژییە، دان بە ڕاستییە مێژووییەکەدا بنێت و داوای لێبووردن لە گەلی ئەرمەنی بکات. بەڵکوو سێبەری هێمنایەتی و ئاسایش بەسەر گەلانی ئەو ناوچە خوێناوییەدا بکێشێت و کوشتار و خوێن ڕشتن جێگەی خۆیان بدەن بە برایەتی و هاوشانی و هاوکاریی گەلان.

ئەنوەر سوڵتانی

۲۰۱۵/٤/۲۰

---

پەراوێز:

* هەواڵی ئاژانسی هەواڵدەریی فەڕەنسا، وەرگیراو لە ماڵپەڕی فارسی 'زمانە':
http://www.radiozamaneh.com/215215

** ماوەیەکە هەندێک حزبی تورک / ئازەربایجانی، لە باسی کوردانی ئازەربایجانی ئێرانیشدا کەڵک لە هەمان چەمکی "میوان" وەردەگرن، وەک ئەوەی کوردیش هیچ مێژوویەک و ڕابردوویەکی لەناوچەکەدا نەبێت و ئەوان تەنیا میللەتی خاوەن ماف و خاوەن خاکی ناوچەکە بن!